RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 9th June 2025 Accepted: 9th August 2026 Published online: 20th September 2026

The Educational Role of Technology Use Among Kindergarten Children from Mothers' Perspectives

Rangin Abubakr Pirot[1]
rangin.abubakr@uor.edu.krd
[1]Department of Kindergarten, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract:
The objective of this study is to examine the level of the educational role of technology use and it's dimensions (the role of technology in child development, children's motivations for using technology, and the role of technology on parent-child relationships) among kindergarten children from the perspectives of mothers and according to the variables of child's gender, daily screen time, and the purpose of technology use. In order to achieve these objectives, a descriptive research design was used. The study sample consisted of (172) mothers of kindergarten children who were selected through a non-random purposive method. The data collection tool was a questionnaire consisting of (33) items and (3) dimensions. After the instrument's validity and reliability was established by experts, it was administered to the study sample.
The findings of the study demonstrated that the educational role of technology use in all dimensions was different. Notably, in the first dimension it was low and significant, in the second dimension it was high and significant, in the third dimension it was low and significant among kindergarten children from mothers' perspectives in general. Regarding the gender variable, there was no statistically significant difference between boys and girls. However, a significant difference was found based on daily screen time, with those children who use technology for more than (3) hours per day showing a higher motivation for using it. In addition, according to the purpose of technology use, a significant difference was found in the developmental dimension; specifically, children who use technology for learning purposes showed a higher level of development compared to others.
Keywords: educational role, technology use, kindergarten children, mothers' perspectives.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایکان

ڕەنگین ابوبکر پیرۆت[1]
[1]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، شاری ڕانیە، هەرێمی کوردستان.

پوختەی توێژینەوە:
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ڕەهەندەکانی (ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لەسەر گەشەی منداڵ، پاڵنەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لەسەر پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوک) لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایکان بەگشتی، هەروەها بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەزی منداڵ، کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە ڕۆژێکدا، مەبەستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا). بۆ بەدیهێنانی ئەنجامی ئەم ئامانجانە، توێژەر ڕێبازی وەسفی بەکارهێنا. نمونەی توێژینەوەکە (١٧٢) دایکانی منداڵانی باخچەیە، کە بە شێوازی ناهەڕەمەکیی مەبەستدار هەڵبژێردران، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەکانیش فۆرمی ڕاپرسی بو، کە لە (٣٣) برگە و سێ ڕەهەند پێکهاتبو، دوای ئەنجامدانی تایبەتمەندییە زانستییەکانی ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەر بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا. ئەنجامەکانی توێژینەوە دەریانخست، کە ئاستی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بەپێی ڕەهەندەکان جیاواز بو بەشێوەیەک لە ڕەهەندی یەکەم کەم و بەڵگەدار بو، ڕەهەندی دوەم زۆر و بەڵگەدار بو، لەڕەهەندی سێیەم کەم و بەڵگەدارە لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایکان بەگشتی، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری لەنێوان کوڕان و کچاندا نەبو، بەڵام بەپێی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە ڕۆژێکدا، جیاوازییەکی ئامارِیی بەڵگەدار لە ڕەهەندی پاڵنەری بەکارهێناندا دەرکەوت؛ بە جۆرێک ئەو منداڵانەی زیاتر لە سێ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن، ئاستی پاڵنەری بەکارهێنانیان زیاتر بو. هەروەها، بەپێی مەبەستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، لە ڕەهەندی گەشەدا جیاوازییەکی ئامارِیی بەڵگەدار دەرکەوتوە، بە جۆرێک ئەو منداڵانەی تەکنەلۆژیا بۆ مەبەستی فێربون بەکاردەهێنن، ئاستی گەشەیان لەوانیتر بەرزتر بو.

کلیلە وشەکان: ڕۆڵی پەروەردەیی، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، منداڵانی باخچە، ڕوانگەی دایکان

بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە:

لە سەردەمی ئەمڕۆدا، پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا و گۆڕانکاریی بەردەوامەکان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر هەمو بوارەکانی ژیان دروستکردوە. ئەم گۆڕانکارییانە وایکردوە تاکەکان بۆ دابینکردنی پێویستییە ماددی و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بۆ فێربون، پەیوەندیکردن و بەسەربردنی کاتی بەتاڵەکانی، زیاتر پشت بە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان ببەستێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە ڕۆژبەڕۆژ بەرەو زیادبون دەچێت و بوەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی ڕۆژانە.

لە ئێستادا نەک هەر گەورەکان، بەڵکو منداڵانیش، بەتایبەتی لە ئاستی قۆناغی باخچە، بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهێنەری ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی وەک مۆبایل، تابلێت و ئایپادن لە کاتێکدا ئەم قۆناغە بە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی گەشەی منداڵ دادەنرێت، چونکە پێویستی بە جوڵە و یاری، ئەزمونکردن، پرسیارکردن و کارلێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دایک و باوک، هاوڕێیان و ژینگەی دەوروبەری هەیە. ئەم چالاکیانە بنەمای گەشەی جەستەیی، ئەقڵی، زمان، سۆزداری و کۆمەڵایەتی منداڵ پێکدەهێنن. بەکارهێنانی زۆر و نادروستی تەکنەلۆژیا لەم تەمەنەدا دەکرێت لێکەوتەی نەرێنی لەسەر گەشەی منداڵ هەبێت، وەک کەمبونەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی، دورەپەرێزی، هەڵسوکەوتی توندوتیژ و نەگونجاو، هەروەها سەرهەڵدانی هەندێک گرفتی جەستەیی و دەروونی. ئەمەش پێویستی بە بایەخپێدان و بەدواداچونی زانستییە. لەسەر ئەم بنەمایە، توێژەر بەهۆی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی پەروەردەیی و پسپۆڕی لەم بوارەدا، هەوڵی زانین و دەرخستنی ئاستی ڕۆڵ و لێکەوتە پەروەردەییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایکان دەدات و دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

ئایا ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایکان لە چ ئاستێکدایە و چییە؟ هەروەها ئایا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لای منداڵانی باخچە جیاوازی هەیە؟

گرنگی توێژینەوە:

پەروەردەکردنی منداڵان لە هەمو قۆناغەکانی فێربوندا بەتایبەت لە ماوەی ساڵانی پێش قوتابخانەدا گرنگیەکی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش دەرئەنجامی توێژینەوە پەروەردەیی و دەروونییەکانە، کە گرنگی شەش ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵ لە دارشتنی کەسایەتی و دیاریکردنی شێوازی ڕەفتارەکانیان بە درێژایی ژیانی دواتری نیشان دەدەن، لێرەدا بناغەی تایبەتمەندییە کەسییەکانی لەسەر بنیاد دەنرێت لە سیفەتە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری و سۆزدارییەکان (الخليفة،٢٠١٣: ٣٨). هەر لەم قۆناغەدا منداڵ پێکهاتەی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ناسنامەی کەسایەتی بەدەستدەهێنێت (عویشة ونیبوش، ٢٠١٩: ١٧٧). هەروەها لە ئێستادا چاودێری و پەروەردەی منداڵان یەکێکە لەو پێوەرە گرنگانەی، گەشەو پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەکی پێ پێوانە دەکرێت (خضر، ٢٠٢٣: ٦٠). جگەلەوەی تەکنەلۆژیا لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوە. مەحاڵە باس لەوە نەکەین، کە تەکنەلۆژیا بوەتە بەشێکی زۆر گرنگ لە پەرەپێدانی هەمو لایەنە جیاوازەکانی زانستی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی) لە ژیاندا (المهنا والبحرانی، ٢٠٢٤: ٤٩٤). تەکنەلۆژیای بینراو بیستراو کاریگەریەکی قوڵ لەسەر گەشەی هزری و دەرونی و کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوە و ڕەفتاری منداڵان جێدەهێڵێت ئەمەش بەپێی توێژینەوەیەکی کۆمەڵەی پزیشکانی کەنەدا دەریخستوە (قمرة والعبدلي، ٢٠١١: ٣٣٨). هەروەها منداڵان لەم قۆناغەدا توانای وەرگرتنیان خێرایەو ئارەزوی گەڕان و ئەزمونکردنی شتەکان و حەز بە ئازادی و داهێنان دەکەن ئەگەر بێت و ڕێگری نەکرێت منداڵان ئامادەییان دەبێت بۆ بینین و بیستن و تامکردنی شتی نوێ (علی، ٢٠١٨: ٤).

توێژەر گرنگی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە چەند خاڵێکی تیۆری و پراکتیکی دەخاتەڕو:

گرنگی تیۆری:

١.ئەم توێژینەوەیە زانیاری زانستی و پێویستی لەسەر بەکارهێنانی هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا لای منداڵان خستۆتەڕو، کە دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی سودبەخش بۆ دایک و باوک و مامۆستایانی باخچە.

٢. ئەم توێژینەوەیە بەرچاوڕونی بە توێژەران و پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی دەبەخشێت بۆ کارکردن بەداچونی زیاتر بۆ ئەم پرسە هەنوکەییە، دەکرێت هۆکارێک بێت بۆ زیادکردنی زانیاریی لەسەر لێکەوتەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵان، هەروەها دەروازەیەک دەبێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەم بوارەدا.

گرنگی پراکتیکی:

١.ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتی دایک و باوک و مامۆستایانی باخچە دەدات بۆ ڕێنماییکردنی منداڵان لە دروست بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا.

٢. دەکرێت لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک وەزارەتی پەروەردە و بەخێوکارانی منداڵ، لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە سودوەربگرن بۆ دانانی بەرنامە و ڕێنمایی پەروەردەیی بۆ کەمکردنەوەی لێکەوتە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا.

ئامانجەکانی توێژینەوە:

١.دیاریکردنی ئاستی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ڕەهەندەکانی (ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لەسەر گەشەی منداڵ، پاڵنەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لەسەر پەیوەندییەکانی منداڵ بە دایک و باوکی) لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایکان بەگشتی.

٢. دیاریکردنی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ڕەهەندەکانی (ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لەسەر گەشەی منداڵ، پاڵنەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لەسەر پەیوەندییەکانی منداڵ بە دایک و باوکی) لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوەکانی:

أ.ڕەگەزی منداڵ. ب. کاتژمێرەکانی تەماشاکردن لە ڕۆژێکدا. ج. مەبەستی بەکارهێنان.

سنوری توێژینەوە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە سەرجەم باخچە حکومییەکانی ناو شاری ڕانیە دەگرێتەوە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦).

پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوە:

ڕۆڵ:

کۆمەڵێک ئەرک و چالاکییە لەلایەن تاک یان کۆمەڵێک تاک ئەنجام دەدرێت، کە پێویستی بە بەرپرسیارێتی تایبەت هەیە. ئەم ڕۆڵانە بەپێی بوارەکانی کارکردن پۆلێن دەکرێن، وەک ڕۆڵی پەروەردەیی، ڕۆڵی تەندروستی هتد.. (السهلي، ٢٠٢٠: ٣٣٣).

تەکنەلۆژیا:

- هاوبان (٢٠١٥) ڕای وایە بریتییە لە سیستەمێکی بەیەکەوەبەستراو، کە ئامێر و بیرۆکە و بۆچون و شێوازی کارکردن لەخۆدەگرێت، بە جۆرێک هەمویان لە یەک چوارچێوەدا کاردەکەن بە ئامانجێک یان کۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراو(أحمد، ٢٠١٩: ١٢).

- زاراوەیەکە بۆ وەسفکردنی تەکنەلۆژیا (ئامێری ئەلیکترۆنی) بەکاردێت کە لەسەر بنەمای کارایی و خێرایی بەرز لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە بەکارهێنەر پێویستی پێیەتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی (العرسان، ٢٠٢٤: ٥٢).

- بەو ئامراز و کەرەستانە پێناسە دەکرێت، کە یارمەتیدەرن لە پەیوەندیکردندا بەشێوەیەکی سەرەکی بە کۆمپیوتەری ئەلیکترۆنی نوێنەرایەتی دەکرێن (القثامی، ٢٠٢٤: ٣٥).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

پێناسەی رێکاری توێژەر بۆ ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا: ئەو نمرانەیە، کە ئەندامانی نمونەی توێژینەوە بەدەستیدەهێنێت لەسەر پێوەری ئامادەکراوی توێژینەوەکە.

منداڵانی باخچە:

مەبەست لەم منداڵانەیە تەمەنیان دەکەوێتە (٣- ٥) ساڵی و بە منداڵانی پێش قوتابخانە دەناسرێن(وهدان، ٢٠٢١: ٥١٧).

باخچەی منداڵان:

(وەزارەتی پەروەردە، ١٩٩٠): پێناسەی دەکات بە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی منداڵانی تەمەن (٤-٦) ساڵی وەدەگرێت و ئامانجی گەشەپێدانی کەسایەتی منداڵە لە لایەنی (جەستەیی، ئەقڵی، هەڵچونی، کۆمەڵایەتی، ڕوحی)(حسن، ٢٠١٢: ٩).

بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوتر

تەوەری یەکەم: چەمکی تەکنەلۆژیا:

چەمکی تەکنەلۆژیا لە دو بەش پێکهاتوە و لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و لە (Technologie) وەرگیراوە، Techne بەواتای تەکنیک یان هونەر وlogos /Logie بەواتای زانست یان خوێندن دێت بۆیە تەکنەلۆژیا ئاماژەیە بە لێکۆڵینەوەی ئەقڵانی (عقون، ٢٠٢٢: ١١). تەقینەوەی زانستی و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا گۆڕانکاری ڕیشەیی لە لایەنە جیاوازەکانی ژیان بۆ هەمو تاکەکانی کۆمەڵگە بەدوای خۆیدا هێناوە بێ گوێدانە تەمەن یان چینە کۆمەڵایەتییەکان، لەدیارترینی تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکان (مۆبایل و ئایپاد)ن، کە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە و بەکاردەهێنرێن بۆ دەستگەیشتن بە (زانیاری، کات بەسەربردن فێربون، سۆشیاڵ میدیا، بازاڕی کردن) تەکنەلۆژیا نەک هەر سەرنجی گەورەکانی ڕاکێشاوە، بەڵکو بۆتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی منداڵانیش بەهۆی چێژو خۆشی و جۆراوجۆری بەرنامە و ئەو ئەپڵیکەیشنانەی لەسەر ئەم ئامێرانە بەردەستن، جا چ گرافیکی کارلێککار یان یاری ئەلیکترۆنی و ئامرازی کات بەسەر بردن یان ئەپڵیکەیشنەکان، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبن (الخالدی والعمران، ٢٠٢٢: ٣٨).تایبەتمەندییەکانی تەکنەلۆژیا کارلێککردن و خێراییە بە هۆی بونی کۆمەڵێک کردەی پەیوەندیکردن؛ کەسەکە لەهەمانکاتدا پەیام دەنێرێت و وەردەگرێت و بەکارهێنانیان لە هەرکات و شوێنێک دابێت (المنصور، ٢٠٢١: ٤). هەروەها لە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O)دا هاتوە، کە منداڵان لە دو ساڵی یەکەمی تەمەنیدا نابێت بە هیچ شێوەیەک هیچ بەرکەوتەیەکیان بە شاشەکانەوە هەبێت و منداڵانی تەمەن (٢-٤) ساڵیش نابێت لە یەک کاتژمێر زیاتر ڕۆژانە شاشەکان بەکاربهێنن(BALADANIYA وARPAN، 2024 ٦).

جۆرەکانی تەکنەلۆژیا:

تەکنەلۆژیا بە شێوەی جۆراو جۆر بەرهەمدەهێنرێت لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە تەکنەلۆژیا هەریەک لە مۆبایل و ئایپادە بەشێوەیەکی کورت باسیان دەکەین:

مۆبایل: بەپێی سیستەمێکی ڕێکخراو کاردەکات و هەمو ئەو ئەپڵیکەیشن و خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت و خزمەتگوزاریەکانی دیکەی تێدایە، کە پێویستییەکانی مرۆڤ دابین دەکەن، جا لە بواری پەروەردەیی یان کات بەسەربردن یان بوارەکانی تری ژیان بێت.

ئایپاد: کۆمەڵە ئامێرێکە کە لەلایەن کۆمپانیای ئەپڵەوە دەرچوە، کە بەدەستلێدان کاردەکات و تایبەتمەندە بەئاسانی بەکارهێنان و بەرنامەی گونجاو(الأشقر، ٢٠٢٤: ٤٨٩). هەروەها باوترین ئەو ئامێر و ئەپڵیکەیشنە تەکنەلۆژیانەی منداڵان بەکاریدەهێنن بریتین لە (مۆبایل، کۆمپیوتەر، بەرنامەی وێنەکێشان، یاری ئەلیکترۆنی (السید وئەوانیتر، ٢٠١٩: ١٦).

هۆکارەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەلایەن منداڵان:

- سەرقاڵی دایک و باوک: ئەمە یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی وابەستەبونی منداڵ بەشاشە، بەهۆی کارکردنی دایک لە ماڵەوە یان یان چونە سەرکاری دایک و باوک و جێهێشتنی منداڵ لەماڵەوە، بەمەش منداڵ زیادەڕەوی دەکات لە بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان.
- زیاد لە پێویست بەکارهێنانی شاشەکان لەلایەن دایک و باوکەوە.
- دایک و باوکان پێیان وایە بەکارهێنانی شاشەکان لە تەمەنێکی بچوکەوە هەندێک کارامەیی هزری منداڵ پەرەپێدەدات.
- ڕزگاربون لە بارگرانی و داواکاریەکانی منداڵان: وەک گریان و گلەیی و چالاکی و جموجۆڵی منداڵان.
- ئاسانی بەکارهێنانی شاشەکان لای منداڵان.
- ئاسانکاری لە کۆنترۆڵکردنی منداڵان لەکاتی نان خواردن و گۆڕینی جلوبەرگ (حسن، ٢٠٢٤: ٤٨٤).
- سنوردارکردنی منداڵ لە چالاکییەکانی دەرەوە (Dhanya، 2020 ٥٠).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

لایەنە ئەرێنییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا:

لە سودکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، کۆمەڵێک کاریگەری ئەرێنیە بۆ منداڵان لە پەرەپێدانی توانای تەرکیزکردن، ڕێکخستن و نەرمی لە بیرکردنەوەدا و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، جگە لە گۆڕانی ئەرێنی لەکەسایەتیدا وەک متمانەبەخۆبون و سەربەخۆیی و بەهێزی کەسایەتی (الحميد وعبدالكريم، ٢٠١٩: ١٧٨).تەکنەلۆژیا دەکرێت ڕۆڵی کارلێککارانە و بەشداربێت لە پەرەپێدانی گەشەی منداڵ بەتایبەت لە بەهێزکردنی توانا هزرییەکانی منداڵ لە ڕەهەندە جیاوازەکانی توانای (سەرنجدان، تێگەیشتن، بیرهێنانەوە، چارەسەری کێشە) گۆڕینی پرۆسەی بیرکردنەوە بۆ بیرکردنەوەی هێمایی (رجب والاخرون، ٢٠٢٥: ٤٥٥). هەروەها تەکنەلۆژیا بەشدارە لەبەرزکردنەوەی تواناکانی زمان لەڕێگەی چاتی دەنگی یاخود بەشداریکردن لە چالاکییە کارلێککارەکان بەشێوەی ئۆنلاین، سەرەڕای بونی پلاتفۆرمی ئەلیکترۆنی، کە ئامرازی پەروەردەیی پێشکەش دەکات بۆ بەرزکردنەوەی شارەزایی هەمەلایەنەی نوسین و خوێندنەوە و تێگەیشتن لە زمان (مصطفى، ٢٠٢٣: ٢١).

لایەنە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا:

١.دوورەپەرێزی لای منداڵان: زۆربەی منداڵان کاتێکی زۆر بە دانیشتن لەبەردەم ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بەسەردەبەن بەمەش ئارەزوی بەسەربردنی کات لەگەڵ خێزان و دەرچون لە ماڵ کەمدەبێتەوە و دەبێتە هۆی ئۆتیزم و دورەپەرێزی (الخولي، ٢٠٢٤: ٥٧٩). هەروەها نەبونی هەستکردن بە دەستپێشخەری و دورکەوتنەوە و کشانەوەی منداڵ لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.

٢. زیانە تەندروستییەکان: بەسەربردنی چەند کاتژمێرێک لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆن، لاپتۆپ، مۆبایلە زیرەکەکان منداڵ بەر ئەو تیشکانە دەکەوێت، کە لێیانەوە دەردەچێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی بینین و خورانی چاو، ئەمە جگە لە کێشە تەندروستییەکانی دیکە وەک قەڵەوی بەهۆی دانیشتنی بۆ ماوەیەکی زۆر و خواردنی خۆراکێکی زۆر بەبێ ئەوەی هەست بەبڕی خۆراکەکە بکات (سالم، ٢٠٢١: ٤٨٨). بونی فشاری دەرونی کە لە ئەنجامی سەیرکردنی شاشەکان دروست دەبێت، سەرەڕای پشت ئێشە و لاوازی تێکچونی سیستەمی خەو (حسين، ٢٠٢٣: ٦٦٤).

منداڵان بەهۆی کاریگەربونیان بە تەکنەلۆژیاوە گرفتە ڕەفتارییەکانیان لا دەردەکەوێت وەک (شەڕانگێزی تورەبون، گریان (أودينة، ٢٠٢٥: ٥١٩). ئاڵودەبونی منداڵ بە یارییە ڤیدۆییەکان و سۆشیاڵ میدیا دەبێتە هۆی زیاتر کات بەسەربردنی منداڵان چەندین زیان کە لەژیانی منداڵدا ڕەنگدانەوەیان هەبوە، وەک وەستانی بیرکردنەوە و داهێنان، هەروەها بێبەشبونی منداڵ لە یاریکردن، کە پێویستییەکی جەوهەرییە بۆی لە ڕوی تەندروستی و گەشەی جەستەیی و چالاکی هزرییەوە (عبدالرزاق والاخرون، ٢٠٢٣: ٣٠٦). هەروەها بەکارهێنانی مۆبایل و شاشەکان لە ماوەی ساڵانی پێش قوتابخانەدا دەبێتە هۆی کەموکورتی لە سروشتی گەشەی کۆمەڵایەتی و سۆزداری منداڵ بەو پێیەی کاریگەری دەرونی لە مامەڵەکردن گەڵ هاوڕێ و کەسە نزیکەکان هەیە (التونسي، ٢٠١٩: ١٤٩). زیادبونی بەرکەوتنی شاشەکان پەیوەندی هەیە بە کەمبونەوەی سەرنجدان و تێکچونی گەشەکردنی زمان(Adyemi، 2025: ١).

پەروەردەکردنی منداڵ:

ساڵانی یەکەمی ژیانی منداڵ بناغەیە بۆ هەمو ئەو شتانەی بەدرێژایی ژیانی ڕوەدەدن، وا پێویستە دەکات بەرنامە و شێوازی پەروەردەکردنی بۆ دەستەبەربکرێت و پێویستییەکانی گەشەکردنی منداڵ لەبەرچاوبگیرێن، بنەما سەرەکییەکانی گەشەکردن و فێربونی منداڵان بەو شێوەیە کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:

- هەمو لایەنەکانی گەشەی منداڵ گرنگن و بەیەکەوە گرێدراون، گەشەکردن و فێربونی منداڵیش لەژێر کاریگەری ئەو شتانەدایە، کە لە ژینگەکەیدا ڕوەدەدن.
- گەشەکردن و فێربون بەشێوەی هەنگاو بە هەنگاو یەک لەدوای یەک ڕوەدەدن.
- گەشەکردن و فێربون بەشێوەی جیاواز ڕوەدەدن.
- گەشەکردن و فێربون لە ئەنجامی کارلێکی دینامیکی نێوان پێگەیشتنی بایۆلۆژی و ئەزمون ڕوەدەدن و ئەزمونە سەرەتاییەکان کاریگەری قوڵیان لەسەر گەشەکردن و فێربونی منداڵ هەیە.
- منداڵان لە ڕێگەی ستراتیژە جیاوازەکانەوە فێردەبن.
- یاریکردن ئامرازێکی گرنگە بۆ خۆڕێکخستن و پەرەپێدانی زمان و زانین و لێهاتویی کۆمەڵایەتی منداڵان.
- ئەزمونی منداڵان پاڵنەرێکە بۆ فێربونی ڕەفتارەکانی کۆڵنەدان و دەستپێشخەری و خۆڕاگری و کاریگەری لەسەر فێربون و گەشەکردنیان هەیە(نقيب، ٢٠٢٤: ٢٤٢).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

(زكريا الشربيني، ٢٠٠٦) ڕای وایە ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر پەروەردە و گەشەی کەسایەتی منداڵ هەیە ئەوانەی خوارەوەن:

- جۆر و پلەی کارلێکی خێزان لەگەڵ منداڵ.
- شێوازی مامەڵەی خێزان لەگەڵ منداڵ.
- یاری منداڵان و ئەو ئامڕازانەی بۆ ئەوە بەردەستن.
- ئاسایش و ئارامی ژیانی خێزانی و ڕێکەوتن یان ناکۆکی دایک و باوک.
- بەراوردکردنی منداڵ بەکەسانی تر.
- پێدانی ناز و سۆز و خۆشەویستی لە ڕادەبەدەر یان هەندێکجار بێبەشکردنی لە ڕادەبەدەر لێیان.
- جۆرەکانی کات بەسەربردن و ئامڕازەکانی بەردەست بۆ منداڵ.
- چینی کۆمەڵایەتی خێزان، ئامانجەکان، سیستەمی بژێوی ژیان و تواناکان و ڕەفتاری ئابووری.
- ئەو کولتورە خێزانییەی لە ژیانی ڕۆژانە وەریدەگرێت (العوبثانی، ٢٠٢٢: ٧٨).

ئەو هۆکارانەی بەشێوەیەکی گشتی کاریگەرییان لە سەر پەروەردەی منداڵ هەیە، کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکی و دەرەکی کاردەکەنە سەر پڕۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ ئەوانیش ئەمانەن:

- خێزان یەکەم شوێنی بنیادنەری کۆمەڵایەتی منداڵە، ئەندامانی خێزانیش ئاوێنەیەکن بۆ منداڵ خۆی تیایدا دەبینێتەوە، خێزان ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ و کاریگەری لە پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردندا دەبینێت، بەڵام تاکەکەس نییە ئەم ڕۆڵ و ئەرکە ئەنجام بدات.
- دامەزراوە پەروەردەییەکان: داوای خێزان دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان و قوتابخانە و زانکۆ ڕۆڵی گرنگیان لە پەروەردەی منداڵ هەیە، لە ڕوی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، پێکهاتەکانی ژینگەی باخچە لە بەڕێوەبەر مامۆستا و هاوڕێ و هاوپۆل بەشدارن لە دارشتنی کەسایەتی و سیستەمی ڕەفتاری و فکری منداڵ. سەرەڕای شوێنە ئاینییەکانی وەک مزگەوت، کە منداڵ بەها و ڕەوشتەکانی لێوەردەگرێت، ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەش بەدەرنییە لە پەروەردەکردنی منداڵ لەڕێگەی ئەو دابونەریتەی لەو کۆمەڵگەیە باوە (فهيم، ٢٠١٦: ١٦).

تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشو:

١.**توێژینەوەی (المغربي، ٢٠١٨)**

بەناونیشانی **"کاریگەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەر ڕەفتاری منداڵانی پێش چونە قوتابخانە لە ڕوانگەی باوان"** ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی کاریگەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەر ڕەفتاری منداڵانی پێش چونە قوتابخانە لە ڕوانگەی باوانەوە بو ڕێبازی وەسفی پەیڕەوکرا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە نمونەی توێژینەوە (١٢٠) لە باوانی منداڵانی تەمەن (٤-٦) سالان بە ڕێگەی ناهەڕەمەکی (مەبەستدار) هەڵبژێردران، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بە شێوەی ڕاپرسی جێبەجێکرا، ئەنجامەکانی توێژینەوەش دەریخست بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر لایەنی (جەستەیی، هەڵچونی، کۆمەڵایەتی) و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە ڕوی (فێربون، تەکنەلۆژی) کاریگەری ئەرێنی هەیە.

٢. **توێژینەوەی(الدوسری، ٢٠٢٣)**

بەناونیشانی "**ڕۆڵی تەکنەلۆژیای نوێ لە پەرەپێدانی بەشێک لە کارامەیی هزری لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایان** " ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای نوێ لە پەرەپێدانی بەشێک لە کارامەیی هزری لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایان بو، ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفیە، نمونەی توێژینەوە (١٣٢) مامۆستای باخچە بەهەڕەمەکی هەڵبژێردران، ئامرازی توێژینەوە بریتیبو لە ڕاپرسی، ئامرازە ئاماریەکانی توێژینەوە (ئەلفا کرۆنباخ، پیرسن، وای وەن ئەنۆڤا) ئەنجامی توێژینەوە دەریخست تەکنەلۆژیای نوێ بە ئاستێکی بەرز ڕۆڵی لە پەرەپێدانی بەشێک لە کارامەیی هزری لای منداڵانی باخچە هەیە.

٣. **توێژینەوەی (الشافي والعقلا، ٢٠٢٤)**

بەناونیشانی **"کاریگەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەر پەیوەندییەکانی منداڵ بە باوانەوە"** ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی کاریگەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەر پەیوەندییەکانی منداڵ بە باوانەوە بو، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی پەیڕەوکرا، نمونەی توێژینەوەکە (٣٠٠) دایک و باوکی منداڵانی باخچە بو، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بە ڕێگەی ڕاپرسی بو، ئامرازە ئاماریەکانیش بریتی بون لە (ئەلفا کرۆنباخ، تی تێست) ئەنجامەکانی توێژینەوە دەریخست گرنگترین کاریگەری تەکنەلۆژیا لە سەر پەیوەندی منداڵان بە باوان کەمکردنەوەی لێکتێگەیشتنە لە نێوان منداڵان و دایک و باوکیدا، و لەگرنگترین هۆکارەکانی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵان ســەرنجڕاکێشی ــ ئەو ئامێرانە بو، گرنگترین کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا لەســەر هەندێک لایەنی گەشەی منداڵان لەسەر مل و پشت بو.

٤. توێژینەوەی (الأشقر، ٢٠٢٤)

بەناونیشــانی **"کاریگەری تەکنەلۆژیا لە ســەر هەندێک لایەنی گەشــەی منداڵان"** ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی کاریگەری تەکنەلۆژیا (مۆبایل، ئایپاد) لەســەر گەشــەی (هەڵچونی، کۆمەڵایەتی، تەندروســتی) منداڵ و دیاریکردنی کاریگەری تەکنەلۆژیا (مۆبایل، ئایپاد) لە ســەر منداڵ بەپێی تەمەن (٣-٤،٤-٥،٥-٦) و ژمارەی کاتژمێرەکانی تەماشــاکردن (کەمتر لە کاتژمێرێک، ١-٣ کاتژمێر، زیاتر لە ٣ کاتژمێر)، بەپێی بڕوانامەی دایکان (ناوەندی، پەیمانگا، زانکۆ، ماســتەر و دکتۆرا)، ڕێبازی توێژینەوەکە وەســفیە، نمونەی توێژینەوەکە (٨٢) دایک بو، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەکانی توێژینەوەکە بە ڕێگەی ڕاپرسی بو، ئامرازە ئاماریە بەکارهێنراوەکانیش هەریەک لە (ئەلفا کرۆنباخ، پیرســن، ئەنۆڤا) بون، ئەنجامەکانی توێژینەوە دەریخســت زۆرترین کاریگەری تەکنەلۆژیا (مۆبایل، ئایپاد) لەســەر گەشــەی کۆمەڵایەتی و دواتر لایەنی تەندروستی و بەدوای ئەویشــدا گەشــەی هەڵچونی منداڵ بوە، بەپێی تەمەنیش زۆرترین کاریگەری لەســەر منداڵانی تەمەن (٥-٦) ســاڵ هەبوە، و زۆرترین کاریگەری تەکنەلۆژیا بەپێی ژمارەی کاتژمێرەکانی تەماشاکردن لە سەر ئەو منداڵانەیە زیاتر لە (٣ کاتژمێر) بەکاریانهێناوە.

بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی و پراکتیزەکردنی توێژینەوە:

لەم بەشەدا سەرجەم ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە دەخرێتەڕو، وەک لە خوارەوەدا ئاماژەی پێکراوە:

١.ڕێبازی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا توێژەر ڕێبازی وەسفی بەکارهێنا، لەگەڵ تایبەتمەندی و سروشتی ناونیشان و ناوڕۆکی ئەم توێژینەوەیەدا دەگونجێت.

٢. کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە دایکانی منداڵانی باخچە بو، کە بۆ ئەم ســاڵی خوێندن (٢٠٢٥-٢٠٢٦) (٣٤٧٥) منداڵی تەمەن (٥) ساڵان لە (٨) باخچەی منداڵانی حکومیی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە تۆمارکراون (١٧٣٨) کوڕ و (١٧٣٧) کچ، ئەمەش بەپێی دواین داتای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە.

خشتەی ژمارە (١) نیشاندانی کۆمەڵگەی توێژینەوە

کوڕ	کچ	کۆی گشتی
١٧٣٨	١٧٣٧	٣٤٧٥

٣-نمونەی توێژینەوە:

نمونەی ئەم توێژینەوەیە دایکانی (١٧٢) منداڵی چەند باخچەیەکی ناو شــاری ڕانیەیە، کە لە باخچەکانی (ئەژی، خەندە، پەپولە، شنە، شایی) بە ڕێگەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار وەرگیران، هەرچەندە توێژەر (٣٤٨) فۆرمی لەم باخچانە دابەشکرد بۆ گەیشتن بە قەبارەی دیاریکراوی نمونەی توێژینەوە، بەڵام تەنها (٢٠٠) فۆرم گەڕایەوە و (٢٨) فۆرم بەهۆی کەموکورتی لە پڕکردنەوەی زانیاریەکان وەلانران و لە ئەنجامدا (١٧٢) دایک بون بە ئەندامی نمونەی توێژینەوە وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا هاتوە.

خشتەی ژمارە (٢) نیشاندانی نمونەی توێژینەوە

ژ	باخچە	کۆی گشتی ژمارەی نمونەی توێژینەوە
١	ئەژی	٧٣
٢	خەندە	١٧
٣	پەپولە	٤٠
٤	شنە	٢٠
٥	شایی	٢٢

٤.ئامرازی پێوانەکردنی توێژینەوە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان بەکارهێناوە، دوای گەڕان و بەدواداچون بە توێژینەوەکانی پێشــو دا، بۆ پێوانەکردنی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایکان پێوەری

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

(الشـــافی والعقلا، ٢٠٢٤)ی بە گونجاو زانی بۆ بەکارهێنان، چونکە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەگونجێت، پێوەرەکە پێکهاتبو لە (٣) ڕەهەند و (٣٣) بڕگە، کە ڕەهەندی یەکەم تایبەت بو بە ڕۆڵی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەســـەر گەشـــەی منداڵ (١٦) بڕگەی لەخۆگرتبو، ڕەهەندی دووەم پاڵنەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا (٩) بڕگە بو، ڕەهەندی ســـێیەمیش تایبەت بو بە ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لەســـەر پەیوەندییەکانی منداڵ بە دایک و باوکی (٨) بڕگە بو، بۆ هەر بڕگەیەك (٣) بژاردە هەبو بریتین لە (بە ئاستێکی زۆر هاوڕام٣، بە ئاستێکی ماماوەند هاوڕام٢، بە ئاستێکی کەم هاوڕام ١)، بۆ بڕگە نەرێنیەکانی (٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٦، ٣٠، ٣١، ٣٢) پێچەوانە دەبێتەوە.

بۆ دۆزینەوەی ڕاستگۆیی ڕوالەتی و جێگیری پێوەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجامدراون:

١.٤. ڕاستگۆی ڕوالەتی پێوەر:

توێژەر بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاستگۆی (ڕوالەتی) پێوەر بەشێوەیەکی زانستی، دابەشکردنی پێوەری ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە (٥) پسپۆڕی بواری پەروەردەیی درا، دوای وەرگرتنی ڕا و بۆچونەکانیان پێوەرەکە ڕێژەی (١٠٠٪) ڕازیبونی پسپۆڕانی بەدەستهێنا بۆیە هیچ بڕگەیەک لانەدرا و هەر(٣٣) بڕگەکە و ڕەهەندەکان وەک خۆیان مانەوە.

٤.٢. جێگیری پێوەر:

دوای دیاریکردنی ڕاســـتگۆی ڕوالەتی پێوەر بەمەبەســـتی دڵنیابون لە جێگیری پێوەر، پاش کۆکردنەوەی داتاکان و گەڕانەوەیان بۆ توێژەر، کە (١٧٢) فۆرم بو بە ڕێگای تەکنیکی ئاماری جێگیری ناوخۆیی ئەلفا کرۆنباخ جێگیری بۆ هەرسێ ڕەهەندی پێوەرەکە دەستنیشانکرا ڕەهەندی یەکەم گەشەی منداڵ(٠.٧١) و ڕەهەندی دووەم پاڵنەرەکانی بەکارهێنان(٠.٧٤)، و ڕەهەندی پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکی (٠.٧٢) بو هەروەها بە تەکنیکی ئاماری جێگری پێوەر بۆ ڕەهەندی یەکەم گەشـــەی منداڵ (٠.٧٨) و پاڵنەرەکانی بەکارهێنان(٠.٧١) بو ڕەهەندی پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکی (٠.٧٢) بو. بەم شێوەیە جێگری ڕەهەندەکانی پێوەرەکە دیاریکرا و لە ڕوی زانستیەوە ڕێژەیەکی گونجاوە بۆ جێگیری پێوەر، وەک لەم خشتەیەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (٣) ڕونکردنەوەی دیاریکردنی جێگیری پێوەری توێژینەوە

ڕەهەندەکانی پێوەر	ژمارەی بڕگە	ئەلفاکرۆنباخ	جێتمان
گەشەی منداڵ	١٦	.٧١	.٧٨
پاڵنەرەکانی بەکارهێنان	٩	.٧٤	.٧١
پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکی	٨	.٧٢	.٧٢

جێبەجێکردنی پێوەر:

دوای دڵنیابون لە ڕاستی و جێگیری پێوەر، بۆ جێبەجێکردنی ئامرازەکە بە شـێوەی ڕاپرسی بەسـەر تاکەکانی (نمونە)ی توێژینەوەکە دابەشـکرا، لە ڕێکەوتی (١٤/ ٢٠٢٦/٤ لە باخچەکانی (ئەژی، پەپولە، شـنە، شـایی، خەندە) بەم شـێوەیە پێوەرەکە جێبەجێکرا بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە بە کۆتاهات لە ڕێکەوتی (٢٣/ ٤/ ٢٠٢٦).

ئەم ئامرازە ئاماریانەی بەکارهاتون لەم توێژینەوەیەدا:

توێژەر بۆ گەیشـــتن بە ئەنجامی زانســـتی بەرنامەی (SPSS)ی بۆ زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێناوە، کە ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکانی توێژینەوە بریتین لە (ئەلفا کرۆنباخ، جێتمان، تی تێســـت بۆیەک نمونەیی و دو نمونەی ســـەربەخۆ، شـــیکاری جیاوازییەکان (ئەنۆڤا).

بەشی چوارەم: خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان:

لەم بەشەی توێژینەوەدا ئەنجامە بەدەستهاتوەکانی توێژینەوە دەخەینەڕو بەپێی ئامانجەکان.

-یەکەم: دیاریکردنی ئاســـتی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایکان بەشـــێوەیەکی گشتی:

دوای ئەوەی داتاکان داخڵی بەرنامەی (SPSS)کران لە ڕێگەی تەکنیکی ئاماری(one sample T.test) ئەنجامی ئامانجی یەکەم دەرهێنرا، کە ئەنجامەکان بەم شـێوەیەن لای نمونەی توێژینەوە، کە (١٧٢) دایکی منداڵانی باخچە بون، دەرکەوت ناوەندە ژمێرەیی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەســـەر هەریەکە لە ڕەهەندەکان یەکەم گەشـــەی منداڵ بریتی بو لە(٢٤، ٣٤) بە لادانی پێوەری (٤، ٥٨) بەهای تی (١١٩، ٢١، و ناوەندە ژمێرەیی ڕەهەندی دووەم کە پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لای منداڵانی باخچە بریتیبو لە (١٨، ٨٨) بەلادانی پێوەری (٣، ٩٣) بەهای تی (١٥٦، ٩١)، ناوەندی ژمێرەیی ڕەهەندی ســـێیەم

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

لێکەوتەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەســـەر پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکی بریتی بو لە (١٢، ٦٦) بەلادانی پێوەری (٣، ٢٥) و بەهای تی (٢١٤، ٨٦) ناوەندی گریمانەیی پێوەری توێژینەوە (٦٦)[i] بە نمرەی ئازادی (١٧١)هەروەها بەڵگەداری ئاماری(٠.٠٠٠) لە ئاستی (٠،٠٥) ئەمەش دەریدەخات کە بەڵگەداری ئاماری هەیە، وەک لەم خشتەیەدا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٤) ئاستی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایکان بەشێوەیەکی گشتی

ڕەهەندەکانی پێوەر	نمونەی توێژینەوە	ناوەندە ژمێرەیی	لادانی پێوەری	ناوەندی گریمانەیی	نمرەی ئازاد	بەهای تی	بەڵگەداری ئاماری ٠،٠٥
گەشەی منداڵ	١٧٢	٣٤،٢٤	٥٨،٤	٦٦	١٧١	-٢١،١١٩	.٠٠٠
پاڵنەرەکانی بەکارهێنان	١٧٢	٨٨،١٨	٩٣،٣	٦٦	١٧١	-٩١،١٥٦	.٠٠٠
پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکی	١٧٢	٦٦،١٢	٣،٢٥	٦٦	١٧١	-٨٦،٢١٤	.٠٠٠

ئەم ئەنجامە دەریدەخات ڕۆڵ و لێکەوتەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە لەســـەر ڕەهەندەکان جیاوازە بەجۆرێک ڕەهەندی یەکەم ڕۆڵێکی کەم و بەڵگەدار، ڕەهەندی دووەم زۆر و بەڵگەدار، ڕەهەندی سێیەم کەم و بەڵگەدار، بونی ئەو ئەنجامە بە بۆچونی توێژەر دەگەڕێتەوە لە ڕەهەندی یەکەمدا: منداڵانی باخچە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بۆ چێژ و خۆشی و یاریکردن بەکاردێنن نەک بۆ پەرەپێدانی گەشـــەیان بۆیە ڕۆڵی کەمتر دەرکەوتوە لەســـەر ئەم ڕەهەندە. ڕەهەندی دووەمیش بەهۆی جۆراوجۆری ئەپ و بەرنامەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانە، کە ســەرنجی منداڵان ڕادەکێشن و ئارەزوی زیاتر بەکارهێنانی دەکەن، لە ڕەهەندی سێیەمیشدا خێزانەکان بەتایبەت دایکان بەئاگایی و وریایی و بەشـــێوەیەکی ســـنوردار ئامێرە تەکنەلۆژییەکان دەخەنە بەردەســـتی منداڵ و بۆیە تەکنەلۆژیا بەشـێوەیەکی گشـتی ڕۆڵێکی کەمی لەســەر منداڵان نیشـانداوە، هەروەها ئەم ئەنجامە پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی (الدوسری، ٢٠٢٣)یە.

دووەم.أ.دیاریکردنی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ڕەهەندەکانی(گەشـەی منداڵ، پاڵنەرەکانی بەکارهێنان، پەیوەندی منداڵ بە دایک وباوکی) لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕ، کچ). ئەنجامەکان بۆ ئامانجی دووەم بە ڕێگەی (Independent simple T-Test) دەریخســـت لە ڕەهەندی گەشـــەی منداڵ ناوەندی ژمێرەیی کوڕەکان (٥٣، ٢٤)بەلادانی پێوەری(٣٥، ٤) و ناوەندی ژمێرەیی کچەکان (١٧، ٢٤) بە لادانی پێوەری (٧٩، ٤) هەروەها بەهای تائی (.٥٠٣) و ڕەهەندی دووەم پاڵنەرەکانی بەکارهێنان ناوەندە ژمێرەیی کوڕەکان (٠٦، ١٩) بە لادانی پێوەری (٩٦، ٣)، و ناوەندە ژمێرەیی کچەکان لەم ڕەهەندەدا (٧٢، ١٨) بەلادانی پێوەری (٩٣، ٣) و بەهای تی(.٥٧٢) لە ڕەهەندی پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکی ناوەندە ژمێرەیی کوڕەکان (٦٢، ١٢) بە لادانی پێوەری (٢٧، ٣)، ناوەندە ژمێرەیی کچەکان (٦٩، ١٢) بەلادانی پێوەری (٢٥، ٣) بەهای تی (.١٤١) لە ئاســـتی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش دەریدەخات، بەڵگەداری ئاماری نییە وەك لە خشتەی ژمارە (٥) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەیی ژمارە (٥) ئاستی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

ڕەهەندەکانی پێوەر	نمونەی توێژینەوە		ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	نمرەی ئازاد	بەهای تی	ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠،٠٥
گەشەی منداڵ	کوڕ	٨٠	٥٣،٢٤	٣٥،٤	١٧٠		.٦١٨
	کچ	٩٢	١٧،٢٤	٧٩،٤	١٧٠	.٥٠٣	
پاڵنەرەکانی بەکارهێنان	کوڕ	٨٠	٠٦،١٩	٩٦،٣	١٧٠	.٥٧٢	.٥٦٨
	کچ	٩٢	٧٢،١٨	٩٣،٣	١٧٠		
پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکی	کوڕ	٨٠	١٢،٦٢	٣،٢٧	١٧٠		.٨٨٨
	کچ	٩٢	٦٩،١٢	٣،٢٥	١٧٠	.١٤١	

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئەو ئەنجامە دەریدەخات کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە بەپێی ڕەگەز لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە لە نێوان کوڕان وکچاندا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پەروەردەی خێزانەکان بەشێوەیەکی گشتی لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان جیاکاری ناکەن و سەرقاڵی و پێویستیەکانی ژیانی ئێستای باوان دەرفەتی بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی بۆ منداڵان هێناوەتەکایەوە.

ب. دیاریکردنی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە بەپێی کاتژمێرەکانی بەکارهێنان لە ڕۆژێکدا:

ئەنجامەکان بۆ ئەم ئامانجە بە ڕێگەی (One Way ANOVA) دەرهێنرا، ئەنجامەکان بۆ هەرسێ ڕەهەندی پێوەرەکە (گەشــەی منداڵ، پاڵنەرەکانی بەکارهێنان، پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکی) بەپێی کاتژمێرەکانی بەکارهێنان (کەمتر لە ١ کاتژمێر، ١-٣ کاتژمێر، زیاتر لە ٣ کاتژمێر) جیاوازی بەڵگەداری لە ڕەهەندی یەکەم و سێیەمدا دەرنەکەوتوە، جگە لە ڕەهەندی دووەم جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە، هەروەک لە خشتەی(٦-٧) دا هاتوە.

خشــتەیی ژمارە (٦) ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایکان بەپێی کاتژمێرەکانی بەکارهێنان لە ڕۆژێکدا

ڕەهەندەکانی پێوەر	نمونەی توێژینەوە	کاتژمێری بەکارهێنان لە ڕۆژێکدا	ناوەندە ژمێرەیی	لادانی پێوەری
گەشەی منداڵ	٦٤	کەمتر لە ١ کاتژمێر	١٤،٢٤	٠١،٥
	٧٦	١-٣ کاتژمێر	٥٥،٢٤	٥٧،٤
	٣٢	زیاتر لە٣ کاتژمێر	٢٢،٢٤	٣،٧٢
پاڵنەرەکانی بەکارهێنان	٦٤	کەمتر لە ١ کاتژمێر	٧٧،١٧	٣٢،٤
	٧٦	١-٣ کاتژمێر	٣٣،١٩	٦٣،٣
	٣٢	زیاتر لە٣ کاتژمێر	٠٣،٢٠	٣٤،٣
پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکی	٦٤	کەمتر لە ١ کاتژمێر	٢٤،١٢	٢٩،٣
	٧٦	١-٣ کاتژمێر	٠٧،١٣	٣٠،٣
	٣٢	زیاتر لە٣ کاتژمێر	٤٣،١٢	٠٣،٣
کۆی گشتی	١٧٢		١٢،٦٦٢٨	٣،٢٥٥٦٢

بونی ئەو ئەنجامە بە ڕای توێژەر دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی زیاتری ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لەلایەن منداڵان چێژ و خۆشــیی خێرا لە بەکارهێنانی وەرگرن و بەرنامە و ئەو یارییە دیجیتاڵیانەی بەکاریانەدەهێنن بەجۆرێک دیزاین کراون وروژێنەرن و پاڵنەری بەکارهێنان زیاد دەکەن، جگەلەوەی لە ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی ئەلیکترۆنی سەرکەوتوبن هەستی بردنەوە و سەرکەوتنیان پێدەبەخشێت. ئەم ئەنجامە هاوتای ئەنجامی توێژینەوەی (الأشقر، ٢٠٢٤)ە.

خشــتەی(٧) خســتنەڕوی ئەنجامی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری ڕەهەندەکانی پێوەر بەپێی کاتژمێرەکانی بەکارهێنان لای منداڵانی باخچە

ڕەهەندەکان	سەرچاوەی جیاوازی	کۆی دوجاکان	نمرەی ئازاد	دوجای تێکڕاکان	بەهای f	ئاستی بەڵگەداری ٠،٠٥
گەشەی منداڵ	نێوان گروپ	٤٤،٦	٢	٢٢،٣	.١٥٢	.٨٥
	ناو گروپ	٨٥،٣٥	١٦٩	٢١،٢١		

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

پاشنەرەکانی بەکارهێنان	نێوان گروپ ناو گروپ	٢٠،١٣٧ ٢٢،٢٥١٥	٢ ١٦٩	٦٠،٦٨ ٨٨،١٤	٦١،٤	.٠١١
پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکی	نێوان گروپ ناو گروپ	١٠٣،٢٤ ٨٨،١٧	٢ ١٦٩	٠٥،١٢ ٥٨،١٠	١٣،١	.٣٢
کۆی گشتی		١٨١٢،٤٤	١٧١			

ج. ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە بەپێی هۆکاری بەکارهێنان (فێربون، یاریکردن، کات بەسەربردن): بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان بۆ ئەم ئامانجە بە ڕێگەی ئامرازی(oneWayANOVA) ئەنجامەکان دەرهێنران، بۆ زانینی ڕۆڵی هەرسێ ڕەهەندی پێوەر بەپێی مەبەستی بەکارهێنان (فێربون، یاریکردن، کات بەسەر بردن) بەم شێوەیە خراونەتەڕو کە لە خشتەی (٨، ٩) دا هاتوە دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ڕەهەندی دووەم و سێیەم بەپێی مەبەستی بەکارهێنان بەڵام جیاوازی بەڵگەدار دەبینرێت لە ڕەهەندی یەکەم بەپێی هۆکاری بەکارهێنان لای منداڵانی باخچە.

خشتەی (٨) ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لای منداڵانی باخچە بەپێی هۆکاری بەکارهێنان (فێربون، یاریکردن، کات بەسەربردن)

ڕەهەندەکانی پێوەر	نمونەی توێژینەوە	هۆکاری بەکارهێنان	ناوەندە ژمێرەیی	لادانی پێوەری
گەشەی منداڵ	٣٨	فێربون	٧٦،٢٥	٣٧،٥
	٩٢	یاریکردن	٤٠،٢٤	٣٦،٤
	٤٢	کات بەسەربردن	٩٠،٢٢	٩١،٣
پاشنەرەکانی بەکارهێنان	٣٨	فێربون	٦١،١٧	١٨،٤
	٩٢	یاریکردن	٢٩،١٩	٠٧،٤
	٤٢	کات بەسەربردن	١٢،١٩	١٧،٣
پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکی	٣٨	فێربون	٥٧،١٢	٥٥،٣
	٩٢	یاریکردن	٩٠،١٢	٣٤،٣
	٤٢	کات بەسەربردن	٢١،١٢	٧٦،٢
کۆی گشتی	١٧٢		١٢،٦٦٢٨	٣،٢٥٥٦

ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە ئەو منداڵانەی تەکنەلۆژیا بە مەبەستی فێربون بەکاردەهێنن، لە ڕەهەندی گەشەدا ئاستێکی باشتریان هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەو منداڵانەی تەکنەلۆژیا تەنها بۆ یاریکردن یان کات بەسەربردن بەکاردەهێنن. بە ڕای توێژەر، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئامانجدار ودروستی تەکنەلۆژیا لە پڕۆسەی فێربوندا بەهۆیەوە منداڵ ئەزمون و شارەزایی نوێ وەردەگرێت و ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکارییەکانیش بە جۆرێک ڕێکخراون یارمەتیدەری گەشەی منداڵن. ئەم ئەنجامە پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی (المغربی، ٢٠١٨) و (الشافي و العقلا، ٢٠٢٤) ئەنجامی ئەم توێژینەوانە کاریگەی نەرێنی تەکنەلۆژیایان لەسەر لایەنەکانی گەشەی منداڵانی باخچە دەرخستوە.

خشتەی (٩) خستنەڕوی ئەنجامی جیاوازی ڕەهەندەکانی پێوەر بەپێی مەبەستی بەکارهێنان لای منداڵانی باخچە

ڕەهەندەکان	سەرچاوەی جیاوازی	کۆی دوجاکان	نمرەی ئازاد	دوجای تێکڕاکان	بەهای f	ئاستی بەڵگەداری ٠،٠٥
گەشەی منداڵ	نێوان گروپ ناوگروپ	٨٣،١٦٣ ٦٠،٣٤٢٨	٢ ١٦٩	٩١،٨١ ٢٨،٢٠	٠٣،٤	.٠١٩

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

پاڵنەرەکانی بەکارهێنان	نێوان گروپ ناو گروپ	٨٧ ،٧٩ ٥٦ ،٢٥٧٢	٢ ١٦٩	٩٣ ،٣٩ ٢٢ ،١٥	٦٢ ،٢	.٠٧٥
پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکی	نێوان گروپ ناو گروپ	٩٨ ،١٣ ٤٥ ،١٧٩٨	٢ ١٦٩	٩٩ ،٦ ٦٤ ،١٠	.٦٥	.٥٢
کۆی گشتی		١٨١٢ ،٤٤٢	١٧١			

***ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوە**

ئەنجامی توێژینەوە: ئەنجامەکانی توێژینەوە بەچەند خاڵێک دەخەینەڕو:

١.ئاستی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایکان بەشێوەیەکی گشتی بەپێی ڕەهەندەکان جیاواز بو. ٢.ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەدار لە نێوان کوڕ و کچاندا نەبو. ٣. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا (ڕەهەندی پاڵنەری بەکارهێنان) لە (٣) کاتژمێر زیاتر بو، واتە تا کاتی بەکارهێنان زیاد بکات پاڵنەری بەکارهێنان زیاتر دەبێت لای منداڵانی باخچە.

٤. بەپێی بەمەبەستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژی جیاوازی بەڵگەدار لە ڕەهەندی گەشەدا دەرکەوت، واتە تا تەکنەلۆژیا بۆ فێربون بەکاربهێنرێت لای منداڵانی باخچە لایەنی گەشەیان باشتر دەبێت.

ڕاسپاردەکانی توێژینەوە: توێژەر ئەو ڕاسپاردانەی خوارەوە بەپێی ئەنجامەکان ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکات:

١.وەزارەتی پەروەردە سالانە لەڕێگەی کەسانی پسپۆڕەوە خولی پەروەردەیی بۆ دایک و باوکان و پەروەردەکارانی منداڵ بکاتەوە بۆ خستنەڕوی هۆشیاری و بەرچاو ڕونی لە لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵان.

٢. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەی خێزانەکان پێویستە بە وریایی و ئامانجەوە نەک بە شێوەی هەڕەمەکی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بخەنە بەردەستی منداڵ.

٣. منداڵ لە قۆناغی گەشەی هەستیار دایە، سەرەڕای بەهێزکردنی تواناکانی پێویستە خێزانەکان سەرجەم لایەنەکانی گەشەی منداڵ بەهەند وەربگرن و ئاڕاستەی بکەن بۆ فێربونی کارامەیەکان.

پێشنیازەکانی توێژینەوە: پێشنیازی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانە بۆ توێژەران دەخەینەڕو:

١.ئەنجامدانی توێژنەوەیەکی تر بە هەمان ناونیشان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە سەر بەراوردی ڕۆڵی پەروەردەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای منداڵانی باخچە حکومی و ناحکومییەکان.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تر لە سەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و پەیوەندی بە هۆشیاری کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە.

٤.توێژینەوەیەک ئەنجام بدرێت لەسەر پەیوەندی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ڕەفتاری سەربەخۆیی و خۆڕاگری لای منداڵانی باخچە.

سەرچاوەکان:

Adyemi, Vincent 2025. The Impact of Digital Technology on Childs Cognitive and Social Development:Implications for .p.1-7 ،Volume2, ،Education. *Journal of Psychology,*

S Arpan 2024 The Impact of Digital Technology Use on Child Development:A Comprehnsive Literature و Baladaniya, M .,p1-9،Volume6(1) ،.Review,. *Journal of Pediatrics Research,*

Dhanya, Vj 2020 IMPACT OF DIGITAL DEVICES ON CHILDRN.,*European Journal of Molecular & Clinical Medicien,*, Volume .p5019-5026 ,7,

أحمد، رامى مرح ٢٠١٩. درجة استخدام التكنولوجيا الحديثة في تعليم مادة العلوم الحياتية من وجهة النظر معلمي المرحلة الثانوية في مدارس الزرقاء. كلية العلوم التربوية،جامعة الشرق الأوسط، رسالة ماجستيرغير منشور.

الأشقر، هيفاء محمود ٢٠٢٤. المفاهيم العلمية و التكنولوجية لطفل الروضة من وجهة نظر معلمات رياض الأطفال و استراتجيات تعليمها المؤتمر الدولي الثاني لقسم التربية والدراسات الإنسانية، "الاستراتيجيات الحديثة لتربية وتعليم الطفل،ص١-٣١.

التونسي، فائزة ٢٠١٩. دور التكنولوجيا الرقمية في تمكين الطفل من أجل تنمية مستدامة. مجلة التمكين الاجتماعي، المجلد١، ص١٤٤-١٥٩.

الحميد، لولوه عبدالله وسارة، عمر عبدالكريم ٢٠١٩. دراسة واقع استخدام أطفال الروضة للأجهزة الالكترونية و فاعلية الضوابط التربوية من وجهة نظر الامهات في مدينة الرياض. مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية و النفسية،عدد١١، ص١٧٣-٢٠٦.

الخالدى،منار عامر وجيهان، عيسا أبوراشد العمران ٢٠٢٢. تأثير استخدام الأجهزة الذكية علي المشكلات السلوكية لدى الأطفال البحرينيين في مرحلة الرياض حسب إدراك الوالدين. مجلة الطفولة العربية، عدد٩٠،ص٣٧-٦٥.

الخليفة،فاطمة محمد ٢٠١٣. المفاهيم العلمية و التكنولوجية لطفل الروضة من وجهة نظر معلمات رياض الأطفال و استراجيات تعليمها، المؤتمر الدولي الثاني لقسم التربية والدراسات الإنسانية، "الاستراتيجيات الحديثة لتربية وتعليم الطفل، ص ١-٣١.
الخولي، ماجى عبدالفتاح ٢٠٢٤. أثر التكنولوجيا الرقمية على الإبداع الفني في رسوم الأطفال. المجلة التربية الفنون،المجلد٢٤، ص٥٧٥-٥٨٣.
الدوسرى، لمياء باتل مفرح ٢٠٢٣. دور التكنولوجيا الحديثة في بعض المهارات العقلية لدى طفل الروضة من وجهة نظر المعلمات. مجلة الإعلام وثقافة الطفل، المجلد٦، ص٤٩٧-٥٢٤.
السهلي، خالد مطر ٢٠٢٠. الدور التربوي للأسرة في تعزيز قيم الفكري لدى أفرادها (تصور مقترح) مجلةديالى للبحوث الإنسانية، مجلد٢٠٢٠، ص٣٢٩-٣٥٦.
السيد، هالة يحيي وئهوانيتر ٢٠١٩. أثر التطبيقات التكنولوجية علي النمو المعرفي لطفل الروضة. مجلة كلية التربية النوعية للدراسات التربوية و النوعية، ص١-٣١.
الشافي، افنان حمد وفاطمة، العقلا ٢٠٢٤. تأثير استخدام التكنولوجيا علي علاقته الطفل بوالديه. مجلة العلوم التربوية و الإنسانية، ص١٢٦-١٣٦.
العرسان فلاح محمد ٢٠٢٤. كيفية تأثير التكنولوجيا الحديثةالصحة النفسية للأفراد. مجلة النخبة للدراسات و الابحاث، ص٤٧-٥٦.
العوبثاني، ميعاد عبدالله ٢٠٢٢. تأثير التكنولوجيا على ثقافة الأطفال. مجلة العلوم التربوية و النفسية، المجلد٦،ص٧١-٨٩.
القثامى،خلود محسن ٢٠٢٤. التكنولوجيا الرقمية و العلاقات الاجتماعية للأطفال في المجتمع السعودى. مجلة جامعة الشارقة للعلوم الانسانية و الاجتماعية، المجلد٢، ص٣١-٨٠.
المغربي، راندا محمد ٢٠١٨. اثر استخدام التكنولوجيا على سلوك الأطفال في مرحلة ماقبل المدرسة من وجهة نظر الوالدين. مجلة بحوث التربية النوعية،ص١٥٥-١٧٦.
المنصور،نايف ناصر ٢٠٢١. أثر التقنية في تغير سلوك الطالب في المرحلة التعليمية الجامعية. مجلة الالكترونية الشاملة متعددن التخصصات،،، ص١-٢٥.
المهنا، بدر على وخليفة، على البحرانى ٢٠٢٤. أثر استخدام التكنولوجيا الرقمية علي عروض مسرح الطفل المعاصر. مجلة دراسات و بحوث التربية النوحية، المجلد ١٠، ص ٤٩١-٥٣٤.
أودينة، خالد٢٠٢٥. تأثير استخدام التكنولوجيا على الطفل- المخاطر و الحلول مجلة المغاربية للدراسات التاريخية و الاجتماعية، مجلد ١٧، ص٥٠٨-٥٢٦.
حسن،رنا عبدالغنى ٢٠٢٤. الاعتماد علي الشاشة وعلاقته بالتأخر النمائي و السلوك العدواني لدي أطفال الروضة من وجهة نظر الأمهات. مجلة الإرشاد النفسى، المجلد٧٧، ص٤٧٤-٥٥٠.
حسن، سؤدد٢٠١٢. النمو الجمالي لدى طفل الروضة. مجلة كلية التربية الأساسية، العدد٧٣، ص٤١٣-٤٤٢.
حسين، إمان عيد جابر ٢٠٢٣. التأثيرات السلبية لسوء إستخدام تكنولوجيا الاتصالات لأطفال ماقبل المدرسة و تصور مقترح من منظور العلاج المعرفي السلوكي في خدمة الفرد للحد منها. مجلة كلية الخدمة الاجتماعية للدراسات و البحوث الاجتماعية، المجلد٣٢، ص ٦٤٥-٧٠٣.
خضر، أحمد إبراهيم ٢٠٢٣. أساليب التربية الوالدية الملائمة للتحول الرقمي و تأثيرها على الأبناء.مجلة كلية التربية بالمنصورة، مجلد ١٢،عدد٢،ص٥٨-٨٦.
رجب، مصطفى والاخرون ٢٠٢٥. متطلبات تفعيل دور مؤسسات رياض الأطفال في التنشئة التكنولوجية لدى أطفالها(دراسة ميدانية). مجلة شباب الباحثين، عدد٢٦، ص٤٣٥-٤٧٤.
سالم، فاطمة عطية عمران ٢٠٢١. تصور مقترح لتفعيل دور معلمة الروضة في التكنولوجيا الرقمية للطفل في ظل الأزمات المعاصرة.مجلة جامعة جنوب الوادي الدولية للعلوم التربوية، عدد٧،ص٤٧٥-٥١٠.
عبدالرزاق،تامر عبدالطيف والاخرون ٢٠٢٣. توظيف التكنولوجيا الحديثة لتشكيل سردا تفاعليا قصصيا للأطفال. المجلة التصميم الدولية، المجلد١٣، ص٣٠٥-٣١٢.
عقون، عليمة ٢٠٢٢. استخدام الأطفال لتكنولوجيا الإعلام الحديثة و انعكاساتها على ثقافتهم.كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية،جامعة محمد خيضر بسكرة،أطروحة دكتورا غير منشور
على، انسام ايام ٢٠١٨. الاثار السلبية للتكنولوجيا الحديثة علي التربية الجمالية في رياض الاطفال. مجلة العربية و الإعلام و ثقافة الاطفال، المجلد٢، ص٥٧-٨٤.
عويشة، زبيدة وفطيمة، نيبوش ٢٠١٩. تأثير تكنولوجيا الشاشة في تنشئة طفل دون السادسة من وجهة نظر الامهات. مجلة الاكاديمية للدراسات الاجتماعية و الانسانية، العدد٢١ص١٧٣-١٨٩.
فهيم، فتوح محمد ٢٠١٦. التربية الأسرية للطفل "وفق منطلقات التربية الحديثة المعاصرة. مجلة الليبية العالميةعدد١٢،ص١-٢٥.
قمرة، هادى محمد وسميرة،احمد العبدلي ٢٠١١. دراسة القنوات الفضائية المخصصة للأطفال وتأثيرها علي طفل ما قبل المدرسة. مجلة بحوث التربية النوعية-جامعة المنصورة، العدد(خاص)، ص ٣٣٠-٣٨٦.
مصطفى،حنان جمال ٢٠٢٣. تأثير التكنولوجيا الرقمية على تعلم اللغة العربية في مرحلة رياض الأطفال. جلة الناطقين بغير اللغة العربية، مجلد٧، ص١٧-٦٨.
نقيب، إمان ٢٠٢٤. المستحدثات التكنولوجية في مرحلة الطفولة المبكرة. مجلة دراسات في الطفولة و التربية- جامعة اسيوط، عدد٣، ص٢٢٥-٢٧٠.
وهدان، هدى السيد محمود ٢٠٢١. واقع أفلام الكرتون بالتلفزيون و علاقتها بالسلوك العدواني لدى أطفال الروضة في ضوء الدراسات السابقة التي تناولتها.كليةالتربية المبكرة، جامعة مدينة السادات، رسالة ماجستير غير منشور.

[i] . ناوەندی گریمانەیی لە ڕێگەی ئەم یاسایەوە دەرهێنراوە : کۆی بەهای هەڵبژاردەکان دابەش ژمارەی بژاردەکان لێکدانی ژمارەی بڕگەکان (١+٢+٣=٦÷٣+ ٢ × ٣٣=٦٦) .